# نامەیەك لە دیاربەكرەوە....



## خەسرۆ پیربالْ

دیاربەكر ، ناودارترین شاری كوردستان ، یەكەمین پایتەخت و دیوەخانانی ئاغاو بەگزادەكانی كوردبووە ، سالانێكی درێژ بوو ، ئەوانەی سەردانی ئەو شارەیان دەكرد، ڕێبواران و هاولاتیانی بەشەكانی تری كوردستان، ئەوانەی وەكوو پەناهەندە، دیاربەكر وەكوو وێستگەیەكی دەربەدەری دەبووە مەئوایان و ماوەیەكی كورتیان تێدابەسەردەبرد، دەیانزانی، ئەم شارە كوردییە دێرینە لە چ باروودۆخێكی ناهەمواردا بوو... دیاربەكر ڕەش دەچوۆوە و تاریك و ناخۆش و ژیانی تێدانەبوو ...

سالی 1989 بوو ، ئەو سالەی هەولێرم جێهێشت و وەكوو پەناهەندە گەیشتمە سنووری عێراقی و توركی!!، خۆم دایە دەست پۆلیسەكانی سەر سنوور ، سنوورە دەستكردەكە !، پاش ماوەیەك ، یەكەمین جار بوو چاوم بەشاری دیاربەكر بكەویْ ، ئێوارەیەكی درەنگ ، لە دوورەوە ، شوورەیەیەكی گەورەی ڕەشم بینی ، شوفێری پاسەكەم ، ووتی ئەوە شاری ئامەدە ! ئیدی ووردە وورده ، هەولێر ئاسا ، لە دیاربەكر نزیكبووینەوە و هاتمە ناو ئەو شارە دێرینەوە.

ئەو كات كەسمان نەدەبینی بەكوردی قسەبكات ، خەلكی سلْیان لێدەكردیەوە و لێت دەترسان.

هەر بیست مەترێك دەڕۆیشتی و پۆلیس و جەندرمەكان و داوای ناسنامەو پەسەپۆڕتیان لێدەكردی ...

سالانی هەشتاو نەوەدەكان، دیاربەكر ، شارێك بوو پڕمەترسی ، كۆچەو كۆلانەكانی، بۆنی خوێنیان لێدەهات، دیاربەكر شارێك بوو لە پۆلیس و جەندرمە ! ، شار نەبوو، زیاتر لە وێستگەیەكی گەورەی سەربازی و گۆڕەپانێك بوو بۆ شەڕو كوشتن و پێكدادان. لەبیرمە ، لە ئوتێلێكی شاردا بووم ، لە چایخانەیەكدا چام دەخواردەوە ، لەناكاو كۆمەلێك جەندرمەو پۆلیسم توركەكانم بینی ، ماندوو و خۆلاوی ، چەند بریندارێكیشیان پێبوو ، بە ئەسپایی بەپێش چایخانەكەماندا تێپەڕین، منیش بە پیاوەكەی تەنیشت خۆمەوەم ووت ،ئەوە چیە ؟ ئەو جەندرمانە لەكوێوە هاتوونەتەوە ؟ ووتی: لە ئەرازی بووینە ؟!! ئەو كات بۆ منێكی هەولێری ، ئەرازی واتای كشتووكالْ و زڕاعەت بوو و تێی نەگەیشتم ، ئەرازی قەتلْوعامكردنی میللەتی كوردبوو كە بۆماوەیەكی درێژ درێژەی پێدرابوو.

سالانی هەشتا ، دیاربەكر ، لەگەلْ ئەوەش شوورەبەرزە ڕەشەكەی وەكوو دایكێكی میهرەبان بوو و دانیشتوان و مێوانانی ئەم دەڤەرەی لەژێر بالیدا حەشاردەدا، بەلام ئامەد ، شارێك بوو لە حوزن ! شارێك بوو حەزت دەكرد بۆی بگری و خەمی بۆ بخۆی.. زۆر بەكوورتی، دیاربەكر برینێكی گەورەبوو ، كاتێك لێی دەهاتیە دەرەوە و دووردەكەوتیتەوە ، هێندەی دوونیا خۆشت دەویست و دلْت بۆی دەسووتا. ئەوم شارە ژیانی تێدانەبوو ، برسیەتی و بێكاری و بێسەروبەری و پیسایی و نەبوونی هیچ نەخشەیەكی خزمەتگوزاری بۆ هاولاتیان، ئەمانە سیمای ئەم

شارەبوون ، دەوروبەری شاری دیاربەكر ، گۆڕەپانێك بوو بۆ كووشتن و شەڕو غارغارانیٚ !

پاش حەڤدەساڵ، دیسانەوە ، خۆم لە بازاڕو كۆڵانەكانی شاری دیاربەكر بینیەوە ، دیسانەوە لەنزیك مزگەوتی گەورەی شارو ، لەتەنیشت شوورەگەورەكەی ئامەد خۆم بینیەوە . بەڵام ئەمجارەیان ، شار گۆڕابوو ، دیاربەكر بەشێوەیەكی بنەڕەتی گۆڕانكاری تێداكرابوو

دیاربەكر ، ڕەنگاوڕەنگ بوو ، پێشتر تاریك و ڕەش دەچۆوە دیاربەكر پۆشتەو خاوێن بوو

پێشتر پیس و ناڕێكبوو دیاربەكر باڵەخانەی نوێی تێدا كراوەو نوۆژەنكرایتەوە ، پێشتر كەلاوەیەك بوو خەڵكی شار و كچ و كوڕانی ناوشار هەتا ساتەكانی درەنگی شەو ، بەدەم گۆرانی پیاسەدەكەن و دەخولێنەوە ، پێشتر نەوەكوو هەر بەشەر هاتووچۆی ئاژەڵانیش قەدەغەبوو ، گۆرانیت نەدەبیست.

ئەمڕۆكە بەهەقیقەت ، دیاربەكر بە بەرگێكی مۆدێرنی ترەوە خۆی نیشان دەدات، ئەم شارە تەواو خۆش و ئاوەدان بۆتەوە.

لە كوردستانی باشووردا ، بەتایبەتی لە هەولێر پایتەخت ، ئەمڕۆكە گرفتی نەخشەكێشان و جوانكردنی شارمان هەیە ، گرفتی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانمان هەیە ، لە دیاربەكر ، چەندەها



باڵەخانەی گشتی هەیە، هەریەكێكیان زیاتر لە پەنجا خێزان لەخۆ دەگریٚ و هەموو پێداویستیەكانیان بۆ دابینكراوە ، دەكریٚ ئێمەش، چاو لەدیاربەكر بكەین و شار جوان و ڕازاوە بكەین.

دیاربەكر، بەیەكێك لە جوانترین و ڕازاوەترین شاری كوردستان دەژمێردرێت ، كاتێك پێیدا تێپەڕدەبیت، دڵت تێیدا جیٚ دەمێنێت و بیری دەكەیتەوە ....

ئەم شارە، هەڵگری مێژوویەكی دەوڵەمەندو پڕ بەیاخی میللەتی كوردە ، شایستەی ئەوەیە جوانترو ئاوەدانتر بێتەوە.

كاتی خۆی ئامەد شارێك بوو لە حووزن ، ئەمڕۆكە ،ئەو شارەی من بینیمەوە پاش حەڤدەساڵ، هەمان شار نەبوو ، شارێكی تربوو، شارێك بوو لە خۆشەویستی و جوانی و گۆرانی.

**خەسرۆ پیربال**

**دیاربەكر ، نزیك مزگەوتی گەورەی شار**

**2004 /5/26**

Pirbal@hotmail.com